## دەستبەسەرکرانی ۱۷ مێرمنداڵی کورد لە ساڵی ۲۰۲۰دا لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە + لیستی ناوەکان

هەنگاو: لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا لانیکەم ۱۷ مێرمنداڵی تەمەن ژێر ۱۸ ساڵی لە شارەکانی کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئایینی، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون.

بە پشت بەستن بە ئامارە تۆمار کراوەکانی ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ساڵی ۲۰۲۰ی زایینیدا، لانیکەم ۱۷ مێرمنداڵی تەمەن ژێر ۱۸ ساڵ، لە شارەکانی کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون. کەم تەمەنترین کەسەکانیش دوو مێرمناڵی ۱۵ ساڵە بوون.

زۆرینەی ئەو دەستبەسەرکراوانە کە ژمارەیان ١٤ کەسە، بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران و سێ کەسیشیان بە هۆی چالاکیی ئایینییەوە دەستبەسەر کراون.

لە زۆربەی دۆسیەکانیشدا ستاندارده دادوەرییەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی منداڵان و لەوانەش سنووردار کردنی ماوەی دەستبەسەرکرانی بەر لە دادگا، دەستڕاگەیشتنی خێرا بە بنەماڵە، قەدەغە بوونی گوشاری جەستەیی و دەروونی و دەستڕاگەیشتن بە ڕاوێژی یاسایی پارێزەر، ڕەچاو نەکراوە.

بۆ نموونە لێپێچینەوەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە یاساییەکانی تایبەت بە منادڵان و مێرمنداڵان بەڕێوەچوون و لە هێندێک حاڵەتدا کەسی دەستبەسەرکراو لە لایەن ئەو کەسانەی لێپێچینەوەیان لێ کردووە، کەوتووەتە بەر لێدان و توندوتیژی. هەروەها ئەو مێرمناڵە دەستبەسەرکراوانە لە ڕێسا گشتییەکانی وەک ماوەی دەستبەسەر کران و ئاگادار کردنەوەی بنەماڵە و چاوەدێریی پزیشکی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی یاسایی بێبەش کراون.

شیاوی ئاماژە پێ کردنە بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵان کە حکوومەتی ئێرانیش واژۆی کردووە و بە گوێرەی مادەی ۹ی یاسای مەدەنی کە حوکمی مافە نێوخۆییەکانی

هەیە، دەستبەسەرکرانی بەر لە دادگا دەبێ وەک دوایین کردار و ئەگەر زۆر پێویست بێ کەڵکی لێ وەربگیرێ. لەسەر ئەو بنەمایە، مافە نێوخۆییەکانیش لە مادەی ۲۸۷ی یاسای ڕێسای دادوەریدا، پێشبینیی وەها بابەتێکی کردووە. بەم پێیە بنەمای یاساکە لەسەر سپاردنەوەی مناڵ یا مێرمناڵ بە بنەماڵەکەی یا سەرپەرشتیاری یاسایی ئەو کەسەیە و دەستبەسەرکرانی لە کاتی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، تەنیا بە سەلماندنی پێویستیی ئەم کارە و لە بارودۆخی تایبەتدا ڕێگەی پێ دراوە.

بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، زۆرترین مێرمناڵانی دەستبەسەر کراو کە ژمارەیان ۹ کەس بووە، لە پارێزگای سنە تۆمار کراون و پاش ئەویش لە پارێزگای ئورمیە ٦ کەس و لە پارێزگای کرماشانیش دوو کەس لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کراون.

خشتەی خوارەوە ناوی سەرجەم دەستبەسەر کراون و وردەکارییەکانی پەیوەندیدارەکانی تێدایە.

## لیستی ئەو مێرمنداڵانەی کە لە ساڵی ۲۰۲۰ دەستبەسەر کراون

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | تەمەن | تۆمەت | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | ئوسامە بامداد | مەریوان | ١٦ | سیاسی | ٨/٢/٢٠٢٠ |
| ۲ | حەمید ئەژدەری | مەریوان | ١٦ | سیاسی | ٢٠/٢/٢٠٢٠ |
| ۳ | پویا پەروانە | شنۆ | ١٨ | سیاسی | ٢٣/٢/٢٠٢٠ |
| ٤ | سەمیع شەریفیان | پیرانشار | ١٧ | سیاسی | ١١/٥/٢٠٢٠ |
| ٥ | مەتین خولە | مەهاباد | ١٦ | سیاسی | ١١/٧/٢٠٢٠ |
| ٦ | سینا عەبدوڵڵاهی | بانە | ١٧ | سیاسی | ژانویە |
| ٧ | هێمن ئەدوایی | سەوڵاوا | ١٦ | سیاسی | ١٥/٧/٢٠٢٠ |
| ٨ | کەیومەرس ئەدوایی | سەوڵاوا | ١٦ | سیاسی | ١٥/٧/٢٠٢٠ |
| ٩ | مەسعوود خولە | مەهاباد | ١٧ | سیاسی | ١١/٧/٢٠٢٠ |
| ١٠ | ئارەش دارابی | دالاهۆ | ١٨ | مەزهەبی | ٥/٨/٢٠٢٠ |
| ١١ | پارسا ڕوستەمی | پاوە | ١٧ | سیاسی | ئاگۆست |
| ١٢ | ئاریا ئەمینی | سەوڵاوا | ١٦ | سیاسی | ١٩/٨/٢٠٢٠ |
| ١٣ | هەورام نادری | سەوڵاوا | ١٧ | سیاسی | ١٩/٨/٢٠٢٠ |
| ١٤ | سینا نیک پەی | مەریوان | ١٦ | سیاسی | ٢٧/١٠/٢٠٢٠ |
| ١٥ | پویا باستانی | سەقز | ١٨ | سیاسی | ١٢/١١/٢٠٢٠ |
| ١٦ | ئەمین ڕەحمانی | شنۆ | ١٥ | مەزهەبی | نۆڤەمبر |
| ١٧ | ئەحمەد خوشمیرزاد | شنۆ | ١٥ | مەزهەبی | نۆڤەمبر |
| ١٨ | | | | | |
| ١٩ | | | | | |
| ٢٠ | | | | | |

Info@hengaw.net